# ئەو ئەسپەی بە گەوەی شاخی مێژوودا هەڵ ئەزنێ

(پەخشانە شیعر)

هەتا چاو بڕکا

پانتایی دەشتی ئەوینی تۆ

فراوانە

بە دەم فڕینی مەلی حەزتەوە

هەتا بێ

بەکلی خۆشەویستی تۆ ڕەش ئەبن

ئەم چاوانە,

ئەی کۆیە:

ئەی شارەکەی بەقا لە زەردەپەردا

ئەی نەغمەی ئاوازێکی دڵ فڕێن

لە هۆرەی سێوەو

لەرەی دەنگیکی زوڵاڵ

لە بەستەیەکی خارە تایەردا

بە سەوزەڵانی ڕەز و باختەوە

کانیاوێکی بەهەشتیت

فریشتەکان لە چاوی هەڵقوڵانت

ئەخۆنەوە,

بە بارشتی دەم ئێوارانتەوە

تاڤگەی هەوارێکی سازگاری
ئاشقان بەختی خەج و زینت
تیا دەگرنەوە,
تۆ چوار وەرزە خواوەندی جوانی سروشتی و
بە بزەی ئاڵی کیژانت
ڕازاویتەوە
لە خۆزگەی هەموو گزنگێکیشدا
دەمی خونچەی عەشقێکی کوردستانیت و
بۆ بەهاری ساڵ کراویتەوە,

*　　　*　　　*

دەهەستە کۆیەم
دەهەستەوە:
تۆ نەبوویتە ئاخوڕ و ئالیکی بەردەم
تورکی قەل و داڵی نێو دەغڵی
ووڵاتم:
گرێ کوێرەی بەختی خۆت نەدایە
دەست فێستەکانی بابی عالی
ئەستەمبول
بە نازی کورسی و لیرە بۆت بکەنەوە,
لە تەپ و تۆزی گلانی ئەسپەکەی

یارەمدا
نەبوویتە فاقە و داوی دەستی
سوڵتان نەجیب و
بۆشیرینی دەمی ڕەقیب
فەقیانەکەی دەستی یارەت
بۆ سڕینی پۆستاڵەکانی پێیان
شل نەکردەوە,
ئەی کۆیە :
ئەی شارە کوردوستانیەکەم
دەست و پەنجە ڕەنگینەکەی
حاجیم و
هەناسە خنکێنراوەکەم
بە دووکەڵی با رووتی سوڵتان و
عەفلەقیەکان
دە هەستەوە
وەک ڕووبارێکی بە پێڵ
وەک حیلە و بازی ئەسپەکەی یارەم
یاخی بەوە لە خەزنەی زێری ڕەقیب و
لە ڕەشماڵی پڕ لیرەی سوڵتانەکان,
دەخیلتم نەکەی

هێلکە و گەرای کەمالیەکان
لە سنگی قڵیشاوی ئەم کێڵگە بە خوێن
ئاو دراوەی "هاموون" و حەمامۆکدا
نەچێنی،
هەر لە خۆتا پێش خۆرەوە
تا ئەبیتە لەرەی ژێی
هاوارێکی "عەبدەخەوە"
بە ڕووی ڕەشی تورک و
والی و سوڵتانەکانیانا
بقیژێنەو
بڵێ:
بۆ دەرەوە
ئەی تورکمانی کرێگرتەی
کەمتیارەکانی دوای کارەساتی
جەنگ
ئەی ئابڕوویەکی تکاو
ئەی تنۆکی شەرمەزارییەکی بە دوای
گالیسکەی مێژووە وە ڕاکێشراو،
بەرۆکی بە خاوەن بوونی زەوی و زاری
ئەم خاکە و کۆیەم بەردە

ئه‌مه‌ ڕووباری كۆیه‌ی به‌ خوێنی شه‌هیدان

هاژه‌ سوربووه‌

گوێتان له‌ هاوار و ناڵه‌ی

نی یه‌؟!

هاژه‌ بوونی

پشتی بریندار و شین هه‌ڵگه‌ڕاوی

تفه‌نگێكی یاخی نه‌به‌رده‌

په‌نجه‌ی هه‌ڕه‌شه‌ هه‌ڵ ئه‌برێت و

ئه‌ڵێ,

بۆ ده‌ره‌وه‌

ئه‌ی بێگانه‌

بۆ ده‌ره‌وه‌

كوردستان دایكی به‌ قژ هه‌ڵواسراوی

شه‌هیدانمه‌ و

به‌س به‌ ته‌نها موڵكی كورده‌,

*　　　*　　　*

ده‌خیلتم كۆیه‌

نه‌كه‌ی.

ئه‌مجاره‌ش

بۆ قه‌ل و داڵی به‌ئۆكی ئه‌سته‌مبول

باواجیم نەکەیتە مۆڵگەی

نەجیب پاشایەکی دی و

بۆ ئەتکی لاپەڕەیەکی تری مێژووم

لە تەنیشت تۆپخانەی عەفلەقیەکانەوە

کڵاو و جامانەیەکی ڕەنگین

لەسەری ئەسپ سوارێکی کوردم نەکەی,

با ئەمجارەش لە ئەسکی کۆیەوە

سەری بڵندی گۆیژە و ئەزمەرم ئەبڕن

با حیلە و بازی ئەسپەکەی یارەم

هەر بە پیرەمەگرونەوە بمێنێ

با دەربەندم هەر یاخی بێ و

گردی گوڵانم بۆ تانەی چاوی دوژمن وەکوو چرا

بە ڕووی ڕەشی کەمالیەکانە

هەڵ بکرێ,

با ئەمجارەش یارەیەکی دیم

بە زیندویێتی سەرنەبڕن.

با کۆڵانەکانی مەڵکەندی و

شێخ هەباس جارێکی تر

خنکاوی گریانێکی تری تازەی

یارەم نەبن

با یارەم لە شیرینی خەوێکی قورسی
ڕانەچلەکێ
با فرمێسکێکی قەتیسماوی چاوانی
بۆ هەڵوێستی ئەم گەلەم
هەر لە جێگەی خۆی بمێنێ,

* * *

دەهەستە کۆیەم
دەهەستەوە :
ئاوڕێ لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی
مێژووی خۆت بەرەوە
تۆ نامری
تۆ چریکەی هەڵۆیەکی سرکی
بە داو و تەپکەی خەزنەی عەفلەقیەکان و
بە ڕەشماڵی لیرەی تورک
ناگیرێی,
تۆ ڕووبارێکی درێژی خوێنی شەهیدانت
پیا تێدەپەرێ
تۆ هەڵوێستی حاجی
لە هەڵهێنانەوەی زمان و
گفتوگۆتدایە

بە هەڵەمووتی باوەجیتەوە

هەموو ڕۆژێ

لە شەقەی باڵی هەڵۆیەکی یاخی

تازە ئەدرێ,

تۆ جڵەوی ئەسپێکی کێویوو سەرشێتی

بە گەوەی شاخی مێژوودا هەڵ ئەزنێیت و

بە حیلەی سورت

گوێی بە خەزنە پەستووی میری سەردەم

ئەزرنگێنیتەوە

هەرچی سەردێری سەروەری لاپەڕەکانی

خۆتە بە گالیسکەی هەڵوێستی

کۆیەتەوە بەستووە,

جاڕنامەی بەسیەتی مەلەی نێو حەوزی

خۆفرۆشی

وەک ئاڵایە بە شانتەوە سەمائەکا و

مەشخەڵی

هەق ئەسەنرێ نادرێت,

هەڵگرتووە,

ژیلەمۆی ئاگرێکی بە خوێن خۆشکراوی

دانامرکێیی

بۆیه  هه‌مووكات و سه‌رده‌مێ

به  تڵه  تڵه‌وه  خۆت ئه‌كه‌یت

به  نێوگۆمی مه‌نگ و سارد و سڕی ویژدانمانا

له‌ویشدا

قۆڵ و مه‌چه‌كی خوێناوی خۆت ئه‌بریت و

نه‌ورۆزێكی به‌هاری ساڵ ئه‌كه‌یته‌وه‌.

*　　*　　*

ئه‌مه  كۆچی بووكه‌سوره‌ی ووڵاته

سروه‌ی سه‌مای ناو "ڕه‌زان"

له  جریوه‌یان بكه‌نه‌وه

بیكه‌نه  تیله‌ی هه‌ڵ هێنانه‌وه‌ی

چاوی یادێ

له  نیگای كاروان سه‌رای شه‌هیداندا

جریوه‌كان ده‌ست له  ناوده‌ست

بازنه‌یی كۆئه‌بنه‌وه

ئه‌بنه  ئاوازی گۆرانییه‌كی ئه‌رخه‌وانی و

پاشان ئه‌فڕن

به‌سه‌ر لووتكه‌ی هه‌یبه‌ت سوڵتانه‌وه

خول ئه‌خۆن و

له  ده‌ریای جریوه‌ی یه‌كتریدا مه‌له‌ئه‌كه‌ن

تا ئەبنە پەڵەی هەورێکی سپی نەرم

ئەوسا ڕووەو سلێمانی باڵ ئەگرن،

کە پەڵەم گەیشتە شار

بەسەر ڕووخساری زەردی

شێخ هەباسەوە ڕائەوستێ!

بۆ تاوێ دائەکاو

بارانێکی نەرم بەسەر جێ نزرگەی

دوا وەسێتی یارەمدا

ئەبارێنێ،

باران لەگەڵ خاک و خۆڵی

شێخ هەباسدا برا ئاسادەست لەگەردن ئەبن

مەڵکەندیم بۆن و بەرامەی

ئاسکی کۆیە ئەگرێ،

جریوەکان بەهاردێنن

بە کەلێنی گۆیژەو ئەزمەرەوە

گوڵ ئەروێنن،

سەدان گوڵاڵە سورە

لە جێگە پێیی ئاسەواری یارەمدا

ئەنەخشێنن،

ئێوە ڕەوتی گوڵاڵەسورەتان

دیوه؟

ئێوه ڕێپێوانی سه‌دان هه‌ناسه‌ی سوری

جه‌رگ سووتاوتان دیوه؟

له ڕووباری کۆیه‌م پرسن:

ئایا ئه‌م گه‌شته‌ڕه‌وی سه‌دان

بووکه‌سوره‌ی سه‌ربڕاو و

فرمێسکی زه‌رد و وه‌ریوی سه‌دان

لق و پۆی په‌لکه چناره؟

لێیی بپرسن

چۆن هاژه ئه‌بێته شه‌پۆل و

شه‌پۆل به‌جریوه و

جریوه به هه‌ور و

هه‌ور به باران و

باران به گوڵاڵه سوره؟!

*　　　*　　　*

هه‌نکووکه به بۆی گه‌ردنی

گردی گوڵان

مه‌لێکی به‌رزه‌فڕی پشت هه‌وره‌کانم

له هێڵی گه‌شتی خۆم ئه‌گه‌ڕێم

نایدۆزمه‌وه

ناونیشانی بوونی خۆم

ووڵات بە ووڵات و

کیشوەر بەکیشوەر

بەسنگمەوە ئەگێڕم

ئام خوێننەوە!

سەمفۆنیای مەرگی هەڵەبجە و

هاوار و نوزەی نێو چاڵەکانی

عەرعەر و تەنینی

خەمەکانی نوگرەسەلمان

بە ژێیی فرمێسکی کورد بوونم

لێ ئەدەم

نایانەوێ بمناسنەوە,

لێرە لەم بروسکەی ئاسمانەدا

خواش نابینم

دڵۆپێ فرمێسکی سەر کوڵمی

خوێناویم بسرێتەوە!

ئەی دوژمنانی خۆرهەتاو

ئەوە منم

هەر دێم و دێم

خاکێک بە دەفەی شان و

سه‌ر بڕبڕه‌كانی پشتمه‌وه‌یه

سه‌دان ساڵه

ئه‌یگێرم و به‌ پشتی كۆڕه‌وه‌ بووی لاپه‌ڕه‌كانی مێژوومدا

هه‌ڵ ئه‌گه‌رێم

ده‌ پێم ناڵێن:

ئه‌ی گوێیی كه‌ڕی دونیا و

ئه‌ی هیتله‌رییه‌كانی

جیهانی مافی مرۆڤ و

ئه‌ی خوای كوێر و كه‌ڕولاڵ

ئه‌م كوردستانه

خوێن له‌به‌ر ڕۆیشتووه

ئه‌م كێڵگه‌ی مه‌رگ و له‌ سێداره‌دان و

هه‌ڵه‌بجه‌ و ئه‌نفاله

له‌ كوێ دانێم؟!

*          *          *

منی ماندوو شه‌كه‌ت شه‌كه‌ت

له‌ ئێواره‌یه‌كی وه‌ک چاوی كێڵگه‌یه‌كی تینودا

به‌ ناو "ڕه‌زان" دا ده‌هاتم

ده‌یان شه‌وبۆ و گوڵه‌لاولاو و چاوه‌ پشیله

له‌ ئه‌ڵقه‌ی میواندارێتی خۆیان گرتم

چ گوڵ و گوڵزار و

چ سەوزەڵانی تەمەنێکەو

چ خوای جوانی سروشتێ و

چ "کۆیە" یەکی بوونی بەختم,

بە تاریکی هەر ئەو کاتەی مانگ

ڕووی ئاڵ و واڵی خۆی

لە زەوی نزیک ئەکاتەوە

هێدی هێدی بە نەرمەپێ

ڕێی دیدەنی "کانیلە" ئەگرمەبەر

کە دەگەمە نێو دەمی دەرگای ماڵی

باوەشم بۆ ئەکاتەوە

بە نازەوە

یەک دووماچی ئەم لاولام ئەکاو

ڕووخساری تێک ئالاوی خەماویم

چەند جارێک بە یەک دوو شڵپ

ئەشواتەوە,

من لەسەرلا وەک ئەوەی لای

ئەزیزێکی خۆم بم

دڵنیاو بێ خەم ڕائەکشێم,

ئەڵێ تەماشاکە,

ئێستا نا کەمێکی دی دڵدارەکەم دێ

ئەم ڕووناکییەی تۆ ئەیبینی

هەموو مۆمی چاوی ئەون,

بۆ ژوانی ئەم شەوە داگیرساون

ئەوە ئێستا لە ئاوێنەی ڕووخساری مندا

سەر و قژی شانەئەکا,

هێندە نابا دەبینم مانگ بە شێنەیی

دائەبەزێ

جارێ بە نەرمە ماچ لە نزیکەوە

دیدەنی "کانیلە" و ئەوینی سازگاری ئەکا

کە دەگەنە بەرهەیوانی سوێی یەکدی

دەم لە نێو دەمی یەک ئەکەن و

لە حەزی یەکدیدا بەسەر باڵای

ئەسکی کۆیەدا

وەکو مۆم ئەتوێتەوە,

مانگ بە سۆزی چاو

نیگای ڕاکشانی من ئەکا

هێمن هێمن خۆی دائەکەنێ و

جلەکانی وەک ئامانەت

فرێ ئەداتە تەکمەوە,

"کانیله" هەناسەی سەوزی
دڵدارێکەو لە چاوەڕوانی پەریخاندا
لەسەر گازی پشت پاڵی داوەتەوە,
مانگ بە گوڵی ناز پێ ئەنێتە نێو
کانیلەوەو دەستەکانی وەک
حەڵوای سۆز بە مەمکەکانیەوە گرتووە,
هێدی هێدی لە باوەشی
فەرهادی عەشقیا ڕائەکشێ
ماچێک و دوان شنەی بای نەرمە
سەری پەنجەیەک
سەری گۆی مەمکەکانی مانگ ئەگوشێ,
مانگ گەزۆ لە زاری ئەبارێ و
چرپە چرپە بە کانیلە ئەڵێ:
سبەینێ لە زەماوەندی بووکێنی مندا
ڕانک و چۆغە خۆڵاوییەکەی "جەعفەر" لەبەر بکە
لە ناوەندی ناو "ڕەزاندا" قنج بوەستە و
کڵاو مشکییە ڕەشەکەی "شێخ عبیداللە" ش ببەستە
چاوەڕێم کە تا دێم
لە بری من ئەرخەوانی بەژنی کۆیەم
بە چریکەی سەربڕاوی "قوباد" گوڵ پرژێنیکە,

من پۆشتەبوو ئەبم
لە سرودی واوەتەنەکەی پۆلەکانی حاجی قادر
سەرودەستماڵێکی گوڵنک گوڵنکی بە پەڵە خوێنی
مەیووی "دڵزار" و
بۆ ئاڵ و واڵی دەستێ جلی کوردی
بە خوێن گوڵ گوڵی بووکانەم ئەسەنم,
لە تەنگەبەرەکانی بایزئاغادا
ملوانکەی بە گڕەی تۆپزاوە سووتاو و
بە هاواری خنکێنراوی نوگرەسەلمان
ئەهۆنمەوە,
لە "قورەبەرازە" نقێمێکی ئەرخەوانی بۆ ئەکەم و
وەک گەردن لغ ئەیکەمە ملم.
من فرمێسک چاوەکانی بە خۆشی
ئەم دیدارە تەڕ کردبووم
سەری خولیام
ووشەکانی نێو دیوانی بەیتی کۆیەی
ناسکتر کردبووم,
هێندەی نەبرد ددانی ژەهراوی
تۆپی ئەژدەهاکەی بەغداد
چەقییە سەر دڵی "کانیلەم"

مانگ شڵەژا

مانگ واقی وڕما

مانگ شێت گیربوو

مانگ بە پەلە خۆی لەبەرکرد

بەسەر سنگی خوێناوی کانیلەوە

شینی ئەکرد

لێیی نەئەبۆوە وەک و ساوا

بە باوەشی ونجر ونجر کراوییەوە

نووسابوو

هێندەم بۆ کرا مانگ لەسەر سنگی خوێناوی

کانیلە دوورخەمەوە,

مانگی گریاو بەرەو ئاسمان بەرزبکەمەوە

ماڵ ئاوایی لە مانگی دەستگیران کوژراو

لە کورەی داگیرساوی کۆیەدا

بە پشکۆی ئەم سوێیە بنووسمەوە,

مانگ ئەیقیژاند

لە پشت سەری هەورەکانەوە شینی ئەکرد

هاواری ئەکرد و

ئەیووت:

ئەمە بۆ جاری یەکەم نی یە

له ئارایشت کردنی خۆمدا

بەبەر چاوی خۆمەوە

زاوام سەر نەبڕێ

ئەمە بۆ جاری یەکەم نی یە

له باوەشما له شەوێکی خامۆشی ئەم خاکەدا

کوردستانم له خاچ نەدرێ.

ئەمە لیکی زاری کۆپتەری یەکانەکانی

بەعسە

بەرەو لوتکەی چەپەڵی و

نامەردی عەفلەقیەکان

ئەفڕێ

لەوێ له چاوی سوربووی

هەوری کۆیەدا

پەڕەی دڕاو و ژاکاوی گوڵ ئەستێرەی ئەم خاکە

نیگای ئاسکی گەردن بە خاڵ و

بارژن سەوزی دەست و پێ شکاو

بە پاڵێک و پێلەقەیەکی بەبەریانە

بۆ باوەشی ئەم دایکی نیشتمانە

سەربەرەوخوار فڕێ ئەدرێ.

*　　*　　*

ئەی مانگی کۆست کەوتووی ئەم گەلەم

بە قووتەی شاخی ئەم خەمەوە

قووتیلکەی گوێسوانە و بانی

ماڵ بە ماڵی چاو و برژانگ تەڕی

شەوی شاری

ئەی خەمی گریاوی گیانی گیانی پێدەشتم

تۆ ئێواران چرای خولیای

ئەم "پەلکانە" سەرکەشەیت و

بەسەر ئاسمانی پرسەی ئێمەدا

دائەگیرسێی

لەگەڵ گمەی کۆترەکەی سەر بنارەی

ئەم شیعرەدا

قۆڵ ئەکەن بە قۆڵی یەکدا و

لە گێژەنگی سوری ئەم هەوری سوێیەدا

بۆ دوو گوڵاڵە سورەی وەرزو

بۆ دوو جوانووی تەوێڵ سوری

کۆیە

بۆ هاواری دیدەنی مەرگی عبداللە و حەکیمم

بۆ تەقلەی سەربەرەوخوار و

مرکە سوری دوو بەوری پەلکانەم

چاو ئەگێری !

ئەی عبدالله و حەکیمی

هاوار بە ئاسمانەوە خنکێنراو

ئەی پەرەسێلکەکانی هەناوی کۆیە و

نەڕەی شێرەکانی دارستانی ئەم مێژووەم

دامەمرکێن دەست بە باڵی

هەوری نەبەردیتانەوە بگرن

بە لووتکەی پرسەی پەلکانەوە

باوەشتان بۆ ئەگرینەوە

هێدی هێدی وەرنەخوار

خۆتان بە باوەشی ڕووباری خوێنی

ئەم خاکەدا دەن

لە تەپەی پێدانی جەستەی سپی و

بێ تاوانتانا

بۆ سەر زەوی حەسرەت و چاوەڕوانی ئێمە

لە بروسکەباڵ و لەخۆرچرای ڕووناک کەرەوەی

ڕێی کاروانتان

بۆ فڕینی پەپوولەی گیانتان

لە جەستەی تێک شکاوتان

ئەکەینەوە.

ئێوه نامرن

له پاڵ وپێ لەقەی فرێدانی

عەفلەقیەکان, بڵندترن

ئێوه دوو ئەستێرەی هاوار خنکاوی

ئاسمانی سەروەری ئەم خاکه و

چریکەی هەڵۆیەکی دەشتین

له "قوره بەرازه" سەرچۆپییەکه

له دەستی "شەفیق" وەرئەگرن

له دەستی تفەنگ به دەستەوه فرێنەدراوی ئاودێرا

سنەیی سێ پێیی هەڵ ئەپەرن

زەماوەندی شەهید لەگەڵ

بیست و یەک جوانووی تری کۆیەمدا

گەرم ئەکەن,

هۆبه به هۆبه و شاخ به شاخ

دەست و قاچ و سەروکەللەی خۆتان و

بیست و یەک چناری ئەسکی کۆیه

لەگەڵ خۆتانا ئەگێرن,

دەسا کۆیەم

له باوەشی ئەژنۆی شکاوی

ئەم ڕۆژەتدا

تۆ تلە تلی ئەم نەورۆزی خەباتەیت و
بەسەر لووتکەی لاپەڕەکانی مێژووتەوە
وەک و چرای چاوەکانی مەهابادم دائەگیرسێ
لە کوێ,
زەماوەندی گرمەی تۆپی تۆڵەو
شاهی هەق بێ, تۆلەوێی,

*  *  *

گوێ ڕادێرن ئێستا
لەگەڵ لورەی ڕەشەباکەی "قشرەی" کۆیە و
تفەنگەکەی شانی خالیدما
"سامی عەودالّ" دیوانێکی تورەیە و
ووشەکانی چەکووشی سەر دەزگاکەی بەردەمیەتی و
لە بری دەرگا و پەنجەرە
سەروکەللەی دوژمنانی خۆر
ئەکوتێتەوە,
لە دەرکەلانی شیعرێکییەوە
قەلایەک دەدەپەڕێ و
ئەلێ:
لێم مەپرسن بۆ!
چاوی کانی ئەم بریسکەی فرمێسکانەم

ئه‌رخه‌وانی سور ئه‌چنه‌وه‌!

مه‌پرسن چلۆن چلۆنی حه‌مامۆکم

بوه‌ته پرچه خۆلاویوو تێک ئالاوه‌که‌ی

"شوکری" نێرگزه جاری ئه‌م هاواری

ئازادییه و

ڕه‌ش پۆشی و هاوار و نوزه دریژه‌که‌ی

"عایشه گروکه"

که له قوڵفه‌ی گریدانی

خه‌می یه‌کدیدا سور ئه‌چنه‌وه‌,

مه‌پرسن چۆن!

هه‌نسکیان بۆته په‌تی سیداره و

به گه‌ردنی بکوژی ئه‌م خۆری ئاشتییه‌ی وولاتم و

ملی ئه‌ستور و پانی یه‌کانه‌کانی

تکریت شۆر به‌ره‌و خواربۆته‌وه‌,

*          *          *

ده ئه‌ی کۆیه‌م

ئیستا هه‌موو پیکرا وه‌رن

له حه‌شارگه‌ی تفه‌نگه‌کانی بله عه‌سکه‌ری

جله‌وی وه‌رگرن,

له سه‌رباز عبدول ڕه‌زاق و, مه‌لا لوقمان

گوڵە وەچنێکی بەقا بۆن کەن,

لە بەرزو بڵندی خامەکەی مەلای گەورەدا

یەک لە دووی یەک سڵاوێ بکەن,

لە باخی گوڵانی ئیبراهیم شێروانی و ڕەفیق ئەفەندی و

دلاوەردا

نەمامی بەژن باریک و ریکی درێژەدان

بە خەبات ئاودەن,

لە سەماکی بڵندترین هەڵوێستا

لە تروسکەی چاوی عەشقی وەسیێتی جەعفەردا

لەتەک خالید دلێرەوە ڕابوەستن,

نەهرۆی عەزیز ئاغاو

ئازادی مەلا سەمیع

قومری سەر لق و چڵەکانی

ئەرخەوانی سەر کێلی شەهیدن

لەبەر دەرگای هەموو ماڵێکی کۆیەدا

نەغمەیەکی خۆڵەمێشی ئەچڕن,

لە دەم و لێوی ووشکی تینووی لەیلانەوە

سەدان پاساری عاشقی کۆیە دێن

هەر یەکێکیان کووتێ گۆشی "نەوزاد" یان

پێیەو, لەبەردەم ماڵی باوکیا

له نێوده‌می تابووتێکی

به گولله تۆپ شه‌ق بردووی ئه‌که‌ن

هێنده نابات به‌ژنێکی که‌ڵه‌گه‌ت

له جه‌معیه‌وه,

به ده‌م سه‌مفۆنیای خاکه‌وه

شه‌قاوی

له هه‌ڵهێنانه‌وه‌ی هه‌نگاوی به وه‌زێکی

زامدار ئه‌چێ

هێمن هێمن دێ ئه‌م به‌ژنه "عمر ده‌بابه" یه و

له پێش نوێژی یادی حه‌وت سه‌د و هه‌شت

شه‌هیدی کۆیه‌دا

ڕائه‌وه‌ستێ,

*　　　　*　　　　*

ئێستا له‌م کاته‌دا

کۆرپه‌ی به‌رباوه‌شی دایکێکی کۆیه‌شم

به پێوه

له نێوه‌ندی شاردا

ڕاوه‌ستاوه,

له گه‌وره‌یی ئه‌م یاده‌دا

یه‌ک ڕووئه‌کاته یه‌ک دی و

بە یەکتر ئەڵێن,

جاڕنامەی چی بەگوێی ئەم شارەدا

بانگ بدەین؟!

لە قورە بەرازەوە سێ هەڵۆی بەرزە فڕم دێن

کە دیم کەریم بە محەمەد و عەباس

بە شەهریار و خارە ئەسوەد

بە "هارمۆتا"

ئەڵێ:

ئەی تۆ لە نوێژی پیرۆزی ئەم شارەدا

چی ئەڵێی؟

کۆیە هەموو سەرقاڵی بیرکردنەوەن

لە پرێکدا هەموو تێکڕا پێکەوە

هاوارئەکەن و

ئەڵێن!

دە هەستە کۆیەم

دە هەستەوە

ئاورێ لە کۆڵانە تەنگەرەکانی

مێژووی خۆت بەرەوە

تۆ نامری

تۆ چریکەی هەڵۆیەکی سرکی

بەداو تەپکەی خەزنەی عەفلەقیەکان و

بە ڕەشماڵی لیرەی تورک

ناگیرێیی,

لە کوێ

زەماوەندی گرمەی تۆپی تۆڵەو

شاهی هەق بێ

تۆ لەوێی

تۆ ئەو ئەسپەی بەگەوەی شاخی

مێژوودا

هەڵ ئەزنێی.

(بیستی مانگی دووی دوو هەزار و دوو)

**پۆلا سەعید**

Germany